# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

www.kurdistanmedia.com

ژمارە ٨٨٢ ■ سێشەممە، ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٣ _ ٥ی نۆڤامبری ٢٠٢٤

دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

## نیوەی داهاتی ئێران لە فرۆشتنی نەوت و گاز دەدرێتە هێزە چەکدارەکان




تاتوێی لایحەی بودجەی ١٤٠٤ی ئێران دەری‌دەخات سەتا ٤٧ی داهاتی هەناردەی نەوت ڕاستەوخۆ دەدرێتە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و تەنیا سەتا ٤٣ی داهاتی فرۆشتنی نەوت دەخرێتە سەر خەزێنەی دەوڵەت

کارناسانی ئابووری دەڵێن پوختەی بودجەی سەربازیی ١٤٠٤ی دەوڵەتی پزشکیان ئەوەیە «داهات و خەرج»ی دەوڵەت تێک ناکرێتەوە و زیاتر لە ٨٠٠ هەزار میلیارد تمەن کورتی دێنێ و دەستی دەوڵەت زیاتر لە جاران دەچێتە گیرفانی خەڵکەوە. بە واتایەکی دی مالیاتەکان لەسەر خەڵک زیاتر، کاڵاکان و خزمەتگوزارییە دەوڵەتییەکان گرانتر دەکات و بە ئەگەری زۆرەوە لە داهاتوویەکی نیزیکدا نرخی بێنزین چەند قات گرانتر بکات.

بەشێکی دیکە لە کارناسانی سیاسی ڕایان وایە پێچەوانەی بۆچوونی باو کە بودجەی ١٤٠٤ بە بودجەی شەڕ بۆ بەگژداچوونەوەی دوژمنی دەرەکی ناو دەبەن، ئەم بودجەیە لەشکرکێشیی ڕێژیم لەدژی نارەزایەتییەکانی نێوخۆ و بزووتنەوەی مافخوازیی گەلانی ئێرانە.

## قۆناغی نوێی بەرەوڕووبوونەوەی ئێران و ئیسرائیل

# تەریکخستنەوەی ئێران لە داخراوترین بازنەدا




## پەیامی سەرەخۆشیی کاک مستەفا هیجری بەبۆنەی کۆچی دوایی جۆیس بلۆ



کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی کۆچی دوایی جۆیس بلۆ، دۆست و پشتیوانی دۆزی کورد، پەیامێکی سەرەخۆشیی بڵاو کردەوە.

**دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:**

ڕێکەوتی ٢٤ ئۆکتۆبری ٢٠٢٤ زایینی، جۆیس بلۆ مامۆستا لە ناوەندی ئینالکۆ (ئەنستیتۆی نەتەوەیی شارستانییەت و زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان) و شارەزا لە بواری زمان و مێژووی ئەدەبیاتی کوردی لە پاریس، کۆچی دوایی کرد.

بلۆ لە زانکۆی سۆربۆن دوکتورای لە بواری زمانی کوردیدا وەرگرتوە. هەروەها سەرنووسەری ژورناڵی لێکۆڵینەوەی کوردی و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس. بلۆ لە سەرەتای دەیەی ٦٠ی زایینییەوە، واتە ئەو کاتەی نە لە ناوەندە ئاکادیمییەکان و نە لە ڕۆژەڤی سیاسیی ڕۆژئاوادا کەمتر باس لە کورد دەکرا، دەستی بە توێژینەوە سەبارەت بە کوردستان کردووە. یەکەم بەرهەمی خۆی لە ساڵی ١٩٦٣ سەبارەت بە پرسی کورد چاپ کرد و یەکێک لە دوایین بەرهەمەکانیشی لە ساڵی ٢٠١٢ سەبارەت بە ئەدەبیاتی کوردی چاپ بووە. ئەم زانا ناودارە بە درێژایی پەنجا ساڵ، سەبارەت بە پرسی کورد و کوردستان لێکۆڵینەوەی زانستیی ئەنجام داوە.

جۆیس بلۆ نەک دۆستی کورد بەڵکوو خەباتکارێکی ڕاستەقینە و بەپەرۆش بۆ گەیشتنی نەتەوەی کورد بە مافەکانی بوو. بۆیە بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە ناوبەدەرە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کۆچکردوو دەکەم.

**مستەفا هیجری**
**بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**٥ی خەزەڵوەری ١٤٠٣ (٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٤)**

## تەنگ‌پێهەڵچنینی زیاتر بە ئێران

وادیارە ژماردنی پێچەوانەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و بەربڵاوی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئیسرائیل دەستی پێکردوە. لەلایەک ئێران باس لە هەڕەشەی هێرشی بەربڵاو بە چەک و مووشەکی نوێ لە ئیسرائیل و ئەمریکا دەکا و لەلایەکی دیکە ئەمریکا چەند ئیسکادران فڕۆکەی پێشکەوتووی شەڕ و بۆمبهاوێژی «بی٥٢»ی هێناوەتە ناوچەکە. هەروەها ئیسرائیلیش گەلەکەشتییەکی جەنگیی خۆی کە تەیار بە مووشەکی دوورمەودان، لە کاناڵی سوئێز و دەریای سوورەوە لە کەناراوەکانی ئێران نیزیک کردووەتەوە.

ئەمریکا کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وریا کردووەتەوە بێتوو جارێکی دیکە هێرشی مووشەکی بکاتەوە سەر ئیسرائیل، ئیدی چیدی ناتوانێ پێشی ئیسرائیل بگرێ، واتە ئەمجارەیان ئیدی ئیسرائیل جیا لە بنکە سەربازییەکان، دامەزراوە ئەتومی، نەوتی، گازی و پێترۆشیمییەکانی ئێران دەکاتە ئامانج. لە تەنیشت ئەم هەڕەشانە بەرپرسانی ئیسرائیل ئەوەش وەبیر ئێران دێننەوە کە هێزی ئاسمانیی ئیسرائیل لە هێرشی حەوتووی ڕابردوودا بەشی زۆری دامەزراوەکانی بەرهەمهێنانی مووشەک و دڕۆن، هەروەها سیستمی قەڵغانی ئاسمانیی کۆماری ئیسلامییان تەرتوتونا کردوە. بەشێک لە چاودێرانی سیاسییش ڕایان‌وایە کە کۆماری ئیسلامی بۆ پێشگرتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئیسرائیل هێرشەکانی خۆی بەهۆی هێزە نیابەتییەکانی و لە خاکی عێراق و یەمەنەوە بکاتە سەر ئیسرائیل، بەڵام تەل‌ئاویو ڕایگەیاندوە لە ئەگەری هەر سیناریۆیەکدا تاران بە بکەر و بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئەم هێرشانە دەزانن.

لەلایەکی دیکەوە دەزگای دیپلۆماسیی ئێران سەرەڕای هەوڵی زۆر نەک نەیتوانیوە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان لە بەرژەوەندیی خۆی بگۆڕێ، بەڵکوو لە ئەگەری ڕوودانی شەڕە گەورەکەدا ناتوانێ پشت بە چین و ڕووسیەش ببەستێ. لە تەنیشت ئەو دۆخە پرسی ئەگەری بەهێزی سەرهەڵدانەوەی نارەزایەتییە نێوخۆییەکانە کە خەوی لە چاوی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی زڕاندوە و ئەوانی خستووەتە تەنگانەیەکی سەیرەوە. ڕێژیم پتر لە هەر کاتێک لە کۆتاییەکانی تەمەنی نیزیک بۆتەوە.

## خۆکوژیی کرێکاران لە «چۆوار»ی ئیلام

عەلی فەتحوڵڵاهی، جێگری سەرۆکی شوورای شاری «چۆوار» لە پارێزگای ئیلام ڕایگەیاندوە بێکاری، هەژاریی ئابووری و نەبوونی ژێرخانی دەرمانی تەنگی بە خەڵکی ئەو شارە بەتایبەت توێژی هەژار و بێداهات هەڵچنیوە. ناوبرا دەڵێ گوشارەکان ئەوەندە زۆرن و تاقەت‌پڕووکێنن کە لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا خۆکوژیی کرێکاران لەسۆنگەی قەیرانی بژیو چەند قات زیادیان کردوە و تەنیا لە کارخانەیەکدا شەش کرێکار خۆیان کوشتوە

هەڵکشانی ئاماری خۆکوشتنی کرێکاران و خەڵکی بێ‌داهات لە پارێزگای ئیلام ئەویش لە شاری «چۆوار» لە حاڵێک‌دایە کە ئەم شارە پیشەییترین شاری پارێزگای ئیلامە، کەچی بەپێی داننانی جێگری سەرۆکی شوورای شار خەڵکی هەژاری ناوچەکە ئاوی خواردنەوەی سالم و پاکژیشیان دەست ناکەوێ.

ئەو کاربەدەستەی شاری چۆوار نایشارێتەوە دۆخی ئابووریی وڵات بووەتە هۆی ئەوەی زۆربەی کارخانەکان دابخرێن، یان ئاستی بەرهەمهێنان و بەو پێیەش ژمارەی کرێکارەکانیان کەم بکەنەوە و ئەوەش پەرەی پتری بە قەیرانی بێکاری و لەو سۆنگەیەوە زیادبوونی قەیرانە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە داناوە. عەلی فەتحوڵڵاهی بە هەواڵدەریی «ایلنا»ی ڕاگەیاندوە کرێکارانی لەکاردەرکراو زۆر جار بۆ داواکردنی مافەکانیان کە یەک لەوان گەڕانەوە بۆ سەر کار یان پێدانی بیمەی بێکارییە مان دەگرن و نارەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام لەبری گوێگرتن و بەدیهێنانی داواکانیان لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە سەرکوت دەکرێن و دەگیرێن.

ناوبراو لەو وتووێژەیدا پەردەی لەسەر لایەنێکی دیکەی هەڵاواردنەکانی حکوومەت لەو شارە هەڵداوەتەوە و درکاندوویەتی سەتا ٣٠ی کرێکارانی پێترۆشیمیی ئیلام خەڵکی ناوچەکەن و سەتای ٧٠ی دیکەی لە پارێزگا دوورە غەیرە کوردەکانەوە هاتوون، ئەویش لە کاتێکدا کارخانەکە لە ٢٠٠ میتریی خەڵکەکەیە؛ هەروەها لە کاتی کەمکردنەوە لە هێزی مرۆیی کارخانەکانیش خەڵکە خۆجێیەکە پێش هەمووان دەردەکرێن و کارەکەیان لەدەست دەدەن

گۆڕەپانی فیناڵ
کەریم پەرویزی
٢

هاواری نەبڕاوەی ژنان لە بێدادیی کۆماری ئیسلامی
سمایل شەرەفی
٣

دنیا چاوەڕوانی گۆڕانی ڕێژیمە
کەیتلین مەکفاڵ
٤

سیاسەتی دەرەوەی تورکیە لەنێوان ئیسلام و تورک‌بووند
ئاگری ئیسماعیل‌نژاد
٩

کێ خراپی لێک داوەتەوە؟
عەلی بداغی
١٠

